# پیاوی سویدیش له‌ ژنه‌كانیان ده‌ده‌ن. !

شێرزاد هه‌ینی ـ سوید
heinisherzad@hotmail. com

له‌ژێر ئه‌م ناونیشانه‌ی سه‌ره‌وه‌، رۆژنامه‌نووس و پسپۆڕێك له‌ بواری تۆمارو مێژووی ژنان له‌ رۆژنامه‌ی به‌ربلاوی سویدی " ئه‌فتۆن بلادێت " خاتوو " تیری ئیركسۆن " له‌ رۆژی ٢٩ /١ / ٢٠٠١ نوسیویه‌تی، ئه‌و رۆژه‌ی فاتیمه‌ی به‌سته‌زمان كوژرا ئه‌وه‌نده‌ هه‌ستم به‌ تاوان كرد، ئاره‌زووم نه‌بوو له‌ ماڵه‌وه‌ بێمه‌ ده‌ره‌وه‌و ده‌مویست رووم داپۆشم. كاره‌ساته‌كه‌ ئه‌وه‌نده‌ گه‌وره‌و به‌ ژان بوو، هه‌موولایه‌كی هه‌ژاند، ئه‌وه‌ی جێگای سه‌رنجه‌ زۆر باس له‌ تاوانه‌كه‌ كراو له‌ هه‌موو لایه‌ك پرۆتستۆكرا و به‌ درنده‌یی و نامرۆڤانه‌ باسكراوه‌و ده‌نگی ناره‌زایی بۆ به‌رزكرایه‌وه‌.

له‌ هه‌موو بوارێك باسكرا، میدیاكانی كوردیش، ماڵ و ده‌نگ و سیمای هه‌موولایه‌ك ئه‌وه‌ی پێوه‌ دیاربوو. هاوشانی ئه‌وه‌ش كوردیش دووچار نیگه‌ران و شه‌رمه‌زار بوو، یه‌كه‌م له‌به‌ر ئه‌وه‌ی تاوانێك ده‌رحه‌ق به‌ ژنێكی كوردكراوو به‌ناحه‌ق و له‌و كۆمه‌ڵگه‌یه‌دا خوێنی رژا. دووه‌میان میلله‌ت و نه‌ریتی كورده‌واری وا به‌ خراپ ناوی هات، به‌ ئاسانی ئه‌وه‌ ره‌ش نابێته‌وه‌. . !! ئه‌وه‌و له‌ زۆر شوێنی ئه‌م ولاته‌ درێژو سارده‌دا، به‌گه‌رمی ناوی كوردیش به‌ خراپی هات، له‌ زۆر پۆلی قوتابخانه‌كانا به‌ چاوێكی كه‌م و درندانه‌ ته‌ماشای مناڵی كوردكرا. ئه‌وه‌ی ده‌رحه‌ق به‌ نه‌ریته‌ پاشكه‌وتووه‌كان چییان له‌دڵبوو به‌رامبه‌ر به‌كوردو بێگانه‌ ده‌ریانبڕی.

هاوشان له‌ته‌ك ئه‌م هێرشه‌ ناره‌وایه‌ی ده‌رحه‌ق به‌ كه‌س و نه‌ریتی كورده‌واری كران ده‌نگی واش به‌رزبۆوه‌ وه‌ك ئه‌و ژنه‌ رۆژنامه‌نووسه‌ كه‌ نوسیویه‌تی، هه‌ر له‌ ساڵی ١٩٩٤ وه‌ " سه‌د هه‌زار" حاڵه‌تی توندوتیژی به‌رامبه‌ر ژنان له‌ ده‌زگای پرسینه‌وه‌ی ژن و كیژانی سویدی تۆماركراوه‌. هه‌مووشیان له‌لایه‌ن پیاوانی سویدی بووه‌و ده‌رحه‌ق به‌ ژن و كیژه‌كانیان كراوه‌. بۆ نمونه‌ی له‌ ژن دراوه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی جۆره‌ شیرێكی كڕییوه‌ پیاوه‌كه‌ به‌ دڵی نه‌بووه‌.

ئه‌و چه‌ند دێره‌ ئه‌و رۆژنامه‌نووسه‌ به‌سه‌و چیتر پیاو و نه‌ریتی كورده‌واری وا به‌م چاوه‌ ته‌ماشا نه‌كرێت و له‌هه‌موو شوێنێك دووچاری پرسیارو وه‌ڵام نه‌بنه‌وه‌. یان ئیش و كاری زۆرتری ده‌وێت. دووباره‌ تاوانی كوشتنی به‌ناحه‌قی فاتیمه‌و زۆری وه‌ك فاتیمه‌ی كورد په‌ڵه‌یه‌كی ره‌شه‌ به‌ نیوچه‌وانی دابونه‌ریتی كورده‌واری و باوكسالاریمان، له‌به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌ش با ئه‌وه‌ نه‌كرێته‌ بیانۆ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو كورد به‌م چاوه‌ كه‌مه‌ ته‌ماشا بكرێت.